# جنێوفرۆشی و فایلسازی بەکرێگیراوانی دەزگای زانیاری ڕیسوا دەکەین.

ماوەیەکە لیشاویکی جنیوفرۆشی و دەمپیسی لەزار و قەڵەمی هەندێ بەناونووسەرەوە لەبەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا، دەرگای چەند سایتیکی کوردی بۆخراوەتە سەرپشت. ئەم لیشاوە کەنمونەی هەرە دارزیوی فەرهەنگی ناسیاسی و ناموتەمەدنانەی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی دەخاتە بەرچاوی خوێنەران، هەولیکی ڕەزیلانەی دەزگا دارزیوەکانی یەکیتی وپارتیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزو خۆشەویستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەگرتووی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. یەکێك لەم نووسەرە بەکرێگیراوانە خەتاب سابیر ناوێکە کە بە شێوازێکی لۆمپنانە وچەقۆکێشانە هەڕەشەی فایلساز کردن و تەشهیری شەخسی بە ئەفراد دەکات وبە خەیاڵی نەخۆشی خۆی وئەربابەکانی دەیەوی لەم ڕێگایەوە دیفاع لە ناسیۆنالیزمی کورد و پرۆژە فاشیستی‌یەکانی بکات. ئێمە وێڕای وەلامدانەوەی سیاسی بەم هێرش و پەلامارانە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بۆ هەمووانی ڕوونبکەینەوە کە خەتاب سابیر کێیە و قینی ڕەشی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرێت.

خەتاب کە  دانیشتووی شاری سیدنی‌یە لە ئوسترالیا، پیشتر ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بووە، لەبەرواری 1997/8/9 لەسەر ئەم دەم پیسی‌و چەقوکیشی و لۆمپەنبازی‌یەی لەحیزب دەرکراوە، لەکاتیکدا کە بە درێژایی تەمەنی 11ساڵەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، 11کەس نابینینەوە بەم هۆیەوە لەحیزبی ئیمە دەرکرابی. ئەوەشی کەئەوی بەم حالەتە لە قین لەدڵی گەیاندووە، تەحەمول نەکردنی ڕەخنەیەکە کە لەبەرامبەر بۆچوونە فاشیستی و بەعسی‌یە ئاساکانی ئەودا، خرانەروو. خەتابیك کەلەگفت و گۆکەی کوردستان پۆستدا پێی وابوو بەسادەیی بۆی دەچیتەسەر وەختیك خەلکی هەولیر لەبەرامەر خەلکی سلیمانی و خەلکی نەجەف و فەلوجە لەبەرامبەر سلیمانی وهەولیر دابنی و بکەویتە بانگەشەی رقەبەرایەتی کویرانەی قەومی و تەحقیرکردنی خەلکی عەرەبەوە، پێی وانەبوو کەسیك، لایەنیك یەخەی دەگریت. وەختیکش پێی وترا راوەستە!! ئەم بووچونانەت  فاشیستی‌یە ولە فەرهەنگی بەعس وپاسۆکی سالانی حەفتاوە داکەووتووە ! راوەستە ئەم بۆچوونە ئاوی ئاشی قینەبەری قەومی و سیاسەتی یەکیتی وپارتی لەکەرکوکدا دەگیری وخەتەریك لەسەر دانیشتوانی خەلکی کوردستان بەگشتی وشاری کەرکوك بەتایبەتی دروست دەکات، کەوتە رشانەوە و بەبی ئەوەی مەنتق بیگری و بەقەد سەرە دەرزی‌یەك حورمەتی شەخصی خۆی رابگری، کەوتە جنیوفرۆشی و فایل دروستکردن و پەنابردن بۆ باسی شەخصی، وهەرەشەکردن لەحیزب، گوایە بەهەلدانەوەی فایلی شەخصی ئەم یان ئەو ئەندامی حیزب دەتوانی دەمی رەخنەی ئینسانی و یەکسانی خوازی حیزبیکی سیاسی ببەستیت!!

دەبێ ئەوە ئاشکرابێت ئەوفایلە شەخصی‌یە دروستکراوانەی کە خەتاب و ئەربابەکانی بۆ ناوزراندنی ئەندامانی حیزبی ئیمە پشتی پێ‌دەبەستن وپێیان وایە لەم ریگایەوە دەتوانن چۆك بەحیزبیکی سیاسی راوەستاو لەبەرامبەر فاشیزم و ناسیونالیزمدا دابدەن، نەك هیچ خوینەریك لەمەیدانی خەباتی سیاسیدا پەیداناکات بەلکو تەنها کالایەك لەفەرهەنگی دارزیوو دەخاتە نیو بازارەوە کە کریارەکانی جگە لە قەومپەرستانی فاشیست ودەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی و پارتی هیچ کەسی تری نی‌یە. ئەگەر خەتاب و خەتابەکان پێیان وایە لەم چەکەی کە تا ئیستا لەدژی حیزبی ئیمە پەنای بۆ بردووە شتیکی زیاتر لە هەگبەکەیاندا ماوە، ئەوا باشترە رعایەت نەکەن و ئەو بلقە پر لەکیم و بۆگەناوەی لەمیشکیاندایە بیتەقینن، چونکە نەشەری ناوخۆ ودابەشکردنی کوردستان، نەنویژی سەرگۆری خومەینی و ماچکردنی لاملی صدام، نە 31 ئاب و پیشلەشکری کردن بۆ سوپای دەولەتانی ناوچە، وە نە گیرفانپرکردن و راکیشانی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەرابردوومانداسە و نە لە نیو خەرمانی فایلە ڕەشەکاندا یەکیکیان هی ئێمە بووە. رابردوویەکی بیگەردی سیاسی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق هەیەتی بەفایلی شەخسی دروستکردنەکانی خەتابەکان ئارداوی نابێت. ئیمە پیشتریش لەگەل ئەم هەولانە بەرەورووبوین.

بەلام ئەمانە هێشتا پەیامی ئەم لیشاوە دەمپسی‌یەی خەتابەکان بەیان ناکات، بەتایبەتی نمونەکانی وەك ئەو کەلەپشتی گلەیی کردن لە"سەرکرایەتی کورد" وداکۆکیکردن لە"بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کورد" ەوە راوەستاون و خەریکی پەمپکردنی فاشیزم و کۆنەپەرستی قەومین، دەبی ئەوە بەئاگایی‌ی خەلکی ئازادیخوازو موتەمەدنی کوردستان بگەیەنین، کەئەم شەرفرۆشی و پەلامارە فەرهەنگی‌یە دارزیوە، لەپشتی‌یەوە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی راوەستاون، کەسەرانیان بۆ بەرژەوەندی وگیرفانپرکردنی خۆیان و چینەداراکانی کۆمەل دەستیان بە عەباکەی یاوەرەوە گرتووە و چاویان لەکورسی‌یەکانی وەزارەتخانەی عەلاوی بریوە ولەسایەی سەری ئەمریکادا، بەشوین وەرگتنی ئیمتیازاتەوەن، ئەمەشیان بەقیمەتی راکیشانی خەلکی کوردستان بۆنیو گیژاوی شەرو دەعوای قەومی‌یەوە کردۆتە سیاسەتیك بەناوی مەسەلەی کوردەوە، کاریکی ئاواش جگە لە ئایندەیەکی تاریك شتیکی‌تری لەبەر نی‌یە. لەنیو ئەم راستی‌یانەدا ئەرکیك کە خەتابەکان و سایتی کوردستان پۆست و هەندێك ڕۆژنامەی ڕووزەرد و دەستسازی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری لەئەستۆیان گرتووە، ئەرکیکە کەدەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی بۆبەلاریدابردنی زهنی‌یەتی خەلك و سەرکوتی بزوتنەوەی ئینسانی وموتەمەدینانەی خەلکی کوردستان، کە لە ریزی پیشەوەیان حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق راوەستاوە، دەیانەوێت پێ‌ی هەستن.

ماوەبلینن، سرینەوەی ئەم فەرهەنگە دارزیو و دواکەوتوانەیەو داخستنی هەموو ئەو دەرگایانەی کە هانی ئەم کۆنەپەرستی‌یە دەدەن و شکاندنی ئەو قەلەمانەی ئینسانەکان دەخەنە بەرامبەر یەکترو هەلهەڵە بۆ ئینسانکوژی لێ‌دەدەن. تەنها و تەنها لەگرەوی دەست کۆتاکردنی ناسیونالیزم و نەتەوە چیتی لەسەر ژیانی خەلکی کوردستان و ناوچەکەدایە. ئیمە بەلینماندوە حیزبی ئەم ریگایەبین. تا ئەوکاتەش بۆ یەکجاری مۆتەکەی ناسیۆنالیزم و فەرهەنگی داڕزیوی لە کۆڵ خەڵك دەبێتەوە، ئێمە هەموو ڕێگایەکی گونجاو وپێویست بۆ پەکخستنی پیلانە ڕیسواکانی بابەتی خەتابەکان بۆ فایلسازی و تیرۆری شەخسیەت و کەرامەتی ئینسانەکان دەگرینە بەر.


کۆمیتەی ئوسترالیای

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق


2004/07/17